توانای گەنج لە قەیرانی گەشەپێدانو ئەزموونی کوشتندا

رووبەرووبونەوەیەک سەبارەت بە پشتگوێ خستنو بێ ئاگاداری بەکارهێنانی PAGE SCRIPT GUIDESYSTEM

هەڵگورد صالح

زۆرن ئەو بەرنامەو ڕیپۆرتاژو میژگردانەی دەربارەی توانای گەنجو پرۆژەکانی و ئاستی فکریو مەعریفی گەنج دەکرێت، هەروەک ئێستا مقۆمقۆی دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە گەنج لە حکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی سلێمانی- دەبیستینو وا چاوەڕوان دەکرێت بەم زوانە ئەو دەزگایە دابمەزرێت.

نامەیێت پێشەکییەکان ناوەڕۆکی نوسینەکەم بشارێتەوە، سیستمی PAGE SCRIPT GUIDESYSTEM کە ساڵی پار بە بیرۆکەو دیزاینی خۆم پێشکەشی وەزارەتی خوێندنی بالاو تویژینەوەی زانستی- ئیدارەی سلێمانی-م کرد بریتییە لە ئەنجامەرناتیڤێکی نمونەیی بۆ گۆڕینی شێوازی ڕاگەیاندنی ئەنجامی خوێندکارانی وەگیراو لە زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان.

لەپاش ئەوەی شەوی پێنج شەممەلسەر هەینی ١٦-٢٠٠٤/٩/١٧ چاوپێکەوتنێکی من لە کەنالی ئاسمانی کوردسات کە سەبارەت بەو کارە ئەنجامدرابو پەخشکرا، ڕۆژی شەممە ٢٠٠٤/٩/١٨ بەنوسراوێك ئاڕاستەی وەزارەتی خوێندنی بالاو تویژینەوەی زانستی- ئیدارەی سلێمانی- کرد.

وەزارەتی ناوبراویش بەروارى ٢٠٠٤/٩/١٩ بەنوسراوێکی ڕەسمی ڕەزامەندی خۆی بۆ سیستەمەدەربڕیو ئاڕاستەی تۆمارگای گشتی زانکۆی سلێمانیو هاوپێچی نوسراوەکەی وەزارەتی خوێندنی بالاو تویژینەوەی زانستیو پەڕاوێزی نوسراو ئیمزای خوالێخۆش بوو د. کەمال خۆشناو (سەرۆکی ئەو کاتەی زانکۆی سلێمانی) بەرواری ٢٠٠٤/٩/٢٠ پرۆژەکەیان ئاڕاستەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان لە پارێزگای هەولێر کرد، خۆمو هاوڕێم زرنگ ئەنوەر ئەو نوسراوەمان لە بەرواری ٢٠٠٤/٩/٢١ بەدەستی گەیاندە ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان.

لەوێ پاش گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێز لێپرسراوی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیانو کەسانی شارەزای بواری کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت وابڕیار بوو کە پاش دوو ڕۆژ بە شێوەیەکی ڕەسمی ڕەزامەندی یان ڕەفزکردنی خۆیان بۆ پرۆژەکە دەربڕن.

بەڵام تا هەنوکە ئەو وەڵامە نە بە تۆمارگای گشتی زانکۆی سلێمانی نە بە من نەدراوە، جگە لەوەش بەڕێز شێروان فەیسەڵ خوێندکاری کۆلێجی پزیشکی ددان- زانکۆی سەلاحەدین- چوار جار سەردانی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیانی کردووەو شەش جار بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردوون، بەڵام وەڵامی ئەوان نە بە پۆزەتیڤو نە بەنێگەتیڤ نەبووە بۆ پرۆژەکە.

بیرۆکەو بنچینەی سیستەمەکە کە وەک کلیلی سیستەمەکە وایە بریتییە لە ژمارەی تاقیکردنەوە (ئەزمونی) خوێندکار کە لە ڕێگەیەوە پاش داخلکردنی بۆ سایتێکی ئینتەرنێت دەتوانێ ئەنجامی خۆی و تێکڕای زانیارییەکان کە پەیوەندی بەوەوە هەبە بزانێت.

پاش دواکەوتنو نەبوونی وەڵامی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان، بەڕواری ٢٠٠٤/٩/٢٧ لەسەر پێشنیاری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی (خوالێخۆش بوو. د. کەمال خۆشناو)و لە بەر ڕۆشنایی داواکاری بەڕێز لێپرسراوی تۆمارگای گشتی زانکۆی سلێمانی بە وەکالەت (تارا خان) دەستم بەکار کرد بۆ پراتیزە کردنی ئەو سیستمە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی سلێمانی.

لێرە ئەو سیستمە پراکتیزە کراو بەرواری ٢٠٠٤/١٠/٧ خوێندکارانی ناوچەی گەرمیان لە ڕێگەی سایتی www.univsul.com وە توانیان ئەنجامی خۆیان بزانن و هەر ئەوانیش گەواهی دەری سەرکەوتووی ئەو سیستمەن.

سیستمی PAGE SCRIPT GUIDESYSTEM کە لەدیزاینکردنیدا بەنامەکانی: Microsoft word- Microsoft excel- Microsoft frontpage / java scriptبەکار هاتبوو، دەتوانرێ بۆ زۆر بواری خزمەت گوزاری تر بەکاربهێنرێت.

ئەمساڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی هەولێر- بەشێکی ئەو سیستمەو بیرۆکەی بنچینەیی و دروست کەری ئەو سیستمەی بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی من بەکارهێنا بۆ بلاوکردنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی خوێندکارانی پۆلی سێهەمی ناوەندی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک.

ئەو بەشەی سیستمەکە کە لەو دیزاینەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی هەولێر- بەکارهێناوە بریتییە لە بەکارهێنانی بەرنامەی Microsoft excelبۆ ئینتەرنێت کە پێش ئەو کارە من بەو جۆرەی کە لە سیستمەکەدا هاتووە باس نەکراوەو بەکارنەهێناوە لەلایەن وەزارەتی ناوبراوەوە. (نمونەیەکی لە سیستمەکەو کارەکەی ئەواندا بۆ خوێنەر خراوەتەروو).

ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارو سەرسوڕمانە ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

١-من کە خاوەنی بیرۆکەو یەکەم دیزاینەری ئەو سیستمەم نە دەبوو پێش بەکارهێنانی بیرۆکەو پرۆژەکەم ئاگادار بکرامایە؟ یا پرسیان پێبکردمایە؟

٢-لەکاتی خۆیدا لەناوەندی وەرگرتنی قوتابیان ڕەخنەی ئەوە لە من گیراکە ئەو کەسانەی توانای بەکارهێنانی ئینتەرنێتیان هەیە کەمن. ئایا ڕێژەی ئەوانە کەمترە کە دەرچووی پۆلی سێهەمی ناوەندیین یان ئەوانەی دەرچووی شەشەمی ئامادەین.؟؟؟!!!

٣-لەتێکڕای وڵاتانی جیهانو عێراقیشدا یاسایەك هەیە بۆ پاوان کردنی بیرۆکەو بەکارنەهێنانی بێ پرسی خاوەنەکەی لێرەدا کێ بەرپرسیارە لە خۆم؟

٤-گەنج لە کوردستان بە چ متمانەو هیوایەکەوە پرۆژەو بیرۆکەی کاری خۆی پێشکەش بەدامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات کە بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟

تێبینی:

١-پاش پراکتیزەکردنی سیستمی PAGE SCRIPT GUIDESYSTEM خوێندکارانی ٨٢ خوێندنگەو خوێندکارە دەرەکییەکانی پارێزگای سلێمانیو شارۆچکەی کۆیەو ناوچەی گەرمیان لەو سیستمە سود مەند بوون.

٢-بە سوپاسەوە کەنالی ئاسمانی کوردسات شەوی ٥/٦-١٠-٢٠٠٤ لە چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆ کە بەڕێز ڕەنج سەنگاوی لەگەڵ من ئەنجامی دا تێکڕای وردەکاریو ئاسانکاری بۆ خوێندکارانبۆ جاری دووەم لە ڕێگەی ئەو کەنالە ئاسمانییەوە بۆ خوێندکاران ڕوون کرایەوە.

٣-پاش ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی کە سیستمەکە بە دەستی هێنا، بەڕێز خاتووهێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خەڵاتو ڕێزلێنانی خۆی پێشکەش کردم.

هەروەها بەڕێزان وەزیری خوێندنیبلاو توێژینەوەی زانستی- ئیدارەی سلێمانی- و بەڕێز ڕاگری کۆلێجی پزیشکی ددان بەنوسراوی ڕەسمی سوپاس گوزاریو خەڵاتکردن بەسەریان کردمەوە.

هەروەها بەڕێزان د. سەعید عەبدوللەتیف ڕاگری یاریدەدەری کۆلێجی پزیشکی ددانو بەڕێز د. ئاراس مەعروف قەرەداغی ئەندامی ئەنجومەنی کۆلێج خەڵاتو دەست خۆشکەری خۆیان ئاڕاستە کردم.

***هەڵگورد سالح محەمەد ئەمین**
خاوەن بیرۆکەو دیزاینەری پرۆژەی
PAGE SCRIPT GUIDESYSTEM



نمونەیەك لە پرۆژەی Page Script guidesystem بەرواری ٢٠٠٤/٩/٩